ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# گۆڕینی نەورۆز لە ١٦ی حوزەیرانەوە بۆ ٢١ی ئادار[1]

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: فازڵ قەرەداغی

## پێشەکیی وەرگێڕان

ئەم بابەتە لە کتێبێکدایە لە ئینتەرنێتم وەرگرتووە. کتێبەکە لەبارەی پادشا ساسانییەکانەو ئەو بەشەی بۆ هەر پادشایەك دانراوە جگە لە کورتەیەکی مێژوویی لەبارەی پادشاکەوە وێنەوباسی دراوی پادشاکە هەیە. ئەم باسە کورتەی نەورۆز لەکۆتایی باسی نووسینو وێنەی سەر دراوە ساسانییەکانەو لەو بەشەدایە کە بۆ تۆماری سالی سەر دراوەکان تەرخانکراوە. نەورۆز لە یەك لاپەڕەو چەند دێرێکدا باسکراوە (بەشێکە بەناوی: ڕۆژی نەورۆز لەسەردەمی ساسانیدا ١٦ی... تاد)، پێش ئەوەش چەند دێڕێك وەك پێشەکی هەیە. خەتی ژێر دێڕەکانەیش لە دانانی نووسەرن. لێرەشدا وشەی (ڕۆژژمێر)م بۆ تەقویم calendar بەکارهێناوە هەرچەندە واتای باوی لای خەڵك بریتییە لە تەقویمێکی دیاریکراوی نووسراو لەکاتێکدا لێرەدا بۆ نزامێکی دیاریکراوی تەقویم بەکارهاتووە.

## بابەتەکە

سالی فەرمانڕەوایی هەموو فەرمانڕەوا ساسانییەکان لە ڕۆژی یەکەمی بەهارەوە، ڕۆژی نەورۆز، دادەنرا کە هەموو ساڵێك لە شانزەی حوزەیراندا بوو. ساسانییەکان ڕەچاوی ڕۆژژمێری جولیانی(جولیوسی)یان نەدەکرد.

گۆڕینی ڕۆژەکە بۆ ڕۆژی بیستو یەکەمی ئادار هێندەی سالی (١٠٧٩)ی زایینی نوێیە.

ڕۆژی نەورۆز لە سەردەمی ساسانیدا ١٦ی حوزەیران بوو

گۆڕینی بۆ ٢١ ئادار

لێرەدا ئیشمان بەوە هەیە کە چۆن یەکەم ڕۆژی بەهار، کە لە ئەیران Airanی ساسانیدا (ئێرانی نوێ) بریتی بوو لە ڕۆژی نەورۆز، لەسەردمی ساسانیدا کەوتبووە شانزەی حوزەیرانو چۆن لە سەردەمانی دواتردا هەمان ڕۆژ (واتە: یەکەم ڕۆژی بەهار)و هەمان مێژوو (واتە: ١٦ی حوزەیران) بووە ٢١ی ئادار.

ئەمەی خوارەوە گێڕانەوەیەکی زۆر سادەکراوە (سادەکراوی موناوەرەیەکی یەکجار ئالۆزی ڕۆژەکانو مانگەکانە) لەبارەی ئەوەی کە چۆن لە سالی ٤٦ی پێش زایین کاتی حوکمی جولیوس قەیسەر (٤٩–٤٤ پ.ز) گۆڕانکاری هێنران بەسەر "ڕۆژژمێری کۆنی ڕۆمایی" {کە دەکاتە ڕۆژژمێری "کۆنی" ساسانی} تا بگۆڕدرێت بۆ "ڕۆژژمێری جولیوسی".

گۆڕانکاریی زۆرتریش کاتی حوکمی ئەوگوستوس قەیسەر (٢٧ پ.ز – ١٤ زایینی) کە پاش ئەو فەرمانڕەوابوو کران کە بەزۆری بۆ مەبەستی رامیاری بوون، ئەو گۆڕانکارییانەی جولیوس قەیسەریش ئەمانە بوون:

أ) ٢٣ ڕۆژ زیادکران پاش ڕۆژی بیستوسێیەمی شوبات (مانگی شوبات لە ڕۆژژمێری کۆندا ٢٩ ڕۆژ بوو).

ب) ناوی مانگی پێنجەم، واتە کوینتیلوس Quintilus ، گۆڕدرا بۆ جولیوس Julius (تەمموز July)و بۆ ڕێزی جولیوس قەیسەر یەك ڕۆژ، کە ڕۆژی ٣١ی تەمووز بوو، خرایە سەر ئەو مانگە (مانگی شوبات هەر بە ٢٩ ڕۆژی مایەوە).

[1] گۆڤاری هەزارمێرد (وەزارەتی رۆشنبیری/سلێمانی)، ژمارە ٢٤، حوزەیران ٢٠٠٤، ل٨٨-٨٩

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

دواتر ئەوگوستوس کە نەیویستبوو بەکەمتر لە جولیوس بزانرێت ناوی مانگی شەشەمی گۆڕی بۆ ئەوگوستوس (ئاب August)و بەهەمان جۆر ڕۆژێکی بۆ ئەو مانگە زیاد کرد کە ڕۆژی ٣١ی ئابە (ڕۆژی ٢٩ شوبات قەرزکرد و مانگی شوبات بوو بە ٢٨ ڕۆژ).

جـ) دوو مانگی ئەیلوول‌و تشرینی دووەم سێ ڕۆژیان بۆ دانرا لە نێوان تەمموز / ئاب و کانونی یەکەم.

بەم جۆرە سەرجەم زیادکردنەکان کە (٦٧) ڕۆژ بوون سەرەتای ئاداریان خستە ڕۆژی یەکەمی کانووی دووەم.

حسابەکەش بەرەچاوی گۆڕانکاریەکانی ئەوگستوس وای لێدێت:

زیادکردنی (٢٣) ڕۆژ پاش ڕۆژی (٢٣)ی شوبات (شوباتیش ٢٩ ڕۆژ بێت) دەمانهێنێت بۆ ڕۆژی ١٧ی ئادار. کەمکردنەوەی یەك ڕۆژیش لەمانگی شوبات دەمانگەینێتە ڕۆژی ١٦ی ئادار. زیادکردنی ٦٠ ڕۆژ (کە دوومانگ دەکات، ئەیلول و تیشرینی دووەم کە هەر یەکەیان ٣٠ ڕۆژە) دەمانهێنێت بۆ ڕۆژی ١٦ ی ئایار.

دەرەنجامەکانیش ئەمانەن:

بەم جۆرە تا ئەم خاڵە ٢٣ی شوبات یەکسانە بە ١٦ی ئایار، کەواتە ٢١ ی ئادار (٣٠ ڕۆژی دوای ئەوە، شوباتیش ٢٨ ڕۆژە) یەکسانە بە ١٦ی حوزەیران(کە ئەمە یەکەم ڕۆژی بەهارە – ڕۆژی نەورۆز).

ڕۆژژمێری جولیوس لە ئێراندا (وەك ڕۆژژمێری "نوێ") هێندە درەنگ قبووڵ کرا کە گەشتە ساڵی (١٠٧٩)ی زاینی. ڕۆژێکی بەختەوەریش (رووزێ ڤەهیسزاك) لە ٢٩ی ئاداری هەر ساڵێکی پڕ (ئەو ساڵەی ٣٦٦ ڕۆژە/ وەرگێڕ) تێخنرا.

**Sam Kerr, The Sassanian Dynasty (CE 224 - 641), Sydney, 2002, pp14-16.**

ZAGROS WEBSITE